# تێکۆشان

بەناوی خوداوەندی بەخشندەی میهرەبان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

بۆ گەیشتنی گەلی کوردستان بە مافە رەواکانی و
رووخانی رژێمی ئاخوندی و دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراتی و پارلمانی تێدەکۆشین

سالی بیست و پێنجەم، ژمارە «٢١٢» ٣١ی بانەمەڕی ٢٧٠٩ی کوردی، ١٣٨٨ی کۆچی خۆری، ٢١ی مەی ٢٠٠٩ی زایینی


داوا لە هاونیشتمانانی بەڕێز و کەسایەتیە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان و ئەندامان و لایەنگرانی سازمانی خەبات دەکەین، بە ناردنی بیروبۆچوون و پێشنیاری خۆیان بۆ ئیمەیلی خوارەوە، کۆنگرەی داهاتوومان "کۆنگرەی ٤"ی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران دەوڵەمەندتر بکەن.


Ka_kongirey4@yahoo.co.uk





لەیادی شەهیدان مامۆستا ئارام و هاورێیانیدا ل٢





سەردانی خامنەیی رێبەری رژیمی ئاخوندی ل٤



ڕاپۆرتێك لە سەر کار و چالاکیەکانی ئۆرگان و بەشەکانی سازمانی خەبات ل ٦





بیرەوەریی رۆژانی حەماسە و فیداکاریی پێشمەرگەکانی سازمانی خەبات ل٧


# راگەیێندراوی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەبات لەسەر دەیەمین شانۆی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لەئێران

بە پێی بڕیاری رژیمی ئاخوندی لەمانگی جۆزەردانی ئەمساڵدا شانۆی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری بەرێوە دەچێ.

بەو مەبەستە ناوەندەکانی راگەیاندنی رژیم دەستیان داوەتە پروپاگەندەی بەربلاو و باڵەکانی دەسەلات هەولی بەردەوامیان دەست پێکردووە بۆ ئەوەی پالێوراوەکەیان ببێتە سەرۆك کۆمار.

باڵی خامنەیی کە باڵی دەسەڵاتدارە و سەرتاخواری دەسەڵاتی ئیرتجاعی لەدەستدایە و تەنانەت ئاکامی شانۆی هەڵبژاردنەکانیش لەدەست خۆیاندایە، هەر لەئێستاوە مژدەی سەرکەوتنی ئەحمەدی نەژاد دەدەن بۆ دەورەییێکی دیکەی سەرۆك کۆماری. هەر لەو پێوەندیەشدا ئاخوند خامنەیی وەلی فقیە رژیم لەسەردانەکەی بۆ شاری سنە ناڕاستەخۆ دیفاعی لێکرد و داوای کرد، دەنگی پێ بدەن. هەموو دەزانن ئەحمەدی نەژاد بە دروشمە زریقە و بریقەدارەکانی بڕیاری دابوو، پوولی نەوت لەنێوان خەڵکدا دابەش بکا و رووبەرووی گەندەڵی و فەساد بێتەوە و ژیانی خەڵك خۆش بکا، بەڵام ئەوەی لەماوەی چوار ساڵ سەرۆك کۆماری ئەحمەدی نەژاد دەبیندرێ، پەرەگرتنی گرانی و هەژاری و داخرانی دەیان کارخانەی بچوك و گەورە و بیکار و بوونی هەزاران کریکار و زیادبوونی بێ متمانەیی جیهانی بە هەل و مەرجی ئابووری لەئێرانە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی بازرگانان و دەوڵەمەندەکانی ئێران سەرمایەکانیان بۆ دەرەوەی ئێران دەگوێزنەوە. ئەوەی لەئەحمەدی نەژاد و دەوڵەتەکەی بیندراوە پەرەپێدانی سەرکووت و ئیعدام و هەرەشە لەئازادیخوازانە کە بەراستی لەو پێوەندیەدا بە باشترین شێوە ئەرکی خۆی بە جێ هێناوە و مەودای ستەم و درەندەیی لەسنوور تێپەراندووە و تەنیا ئەو بەڵینەی کە پێش لەدەست بەکار بوونی دابووی بە باشی جێ بەجێ کردووە.

پالێوراوی دیاری باڵی خامنەیی، ئەحمەدی نەژادە، دوای ئەو، دوو کەسی دیار ئاخوند کەروبی و میرحوسێن موسەویە لە باڵی بە ناو ئیسلاح خواز. ئاشکرایە کە میرحوسێن موسەوی یەکێك لەمۆرە دیارەکانی دەسەڵاتە و دەستی سەرکی بووە لەدامەزراندنی حیزب اللەی لوبنان و پەرەپێدانی دەستە و تاقمە ترۆریستەکان لەوەڵاتانی ئیسلامی وعەرەب، ئەگەر ژمارەییێکی زۆر باس لەوە دەکەن کە موسەوی سەر بە باڵی بەناو ئیسلاح خوازە، بەڵام بەشێکی دیکە لەخاوەن بووچوونەکان موسەوی بە نزیك لەباڵی دەسەڵاتدار و خامنەیی دەزانن، کە بێگومان خودی میرحوسێن موسەوی بێجگە لەچەند رەخنە لەئەحمەدی نەژاد و دەوڵەتەکەی هیچی دیکەی لەبەرانبەر وەلی فقیەه و بەرەخنە لەجێگە و شوێنی ولایەتی فقیە نەگووتووە، تەنانەت لەسەفەری بۆ گورگان بەکرێگیراوانی رژیم دروشمی مەرگ بۆ دژی ولایەتی فقیە دەڵێ، موسەویش لەوەڵامدا دەڵێ ئێمەش دەڵەین مەرگ بۆ دژی ولایەتی فقیە.

ئەوە روونە کە موسەوی یەکێکە لەمۆرە دزێوەکانی رژیم و لەگەڵاڵەی ترۆری موخالیفانی رژیم و ناردنی بە ناو ئینقلابی خومەینی بۆ وەڵاتانی ئیسلامی دەوری سەرکی بووە. ئاخوند کەروبیش کە جارێکی دیکە بەختی خۆی تاقی کردۆتەوە، ئەمجارەش بەناوی موخالەفەت لەشێوەی بەرێوەبردنی وولات و قسە لەجێ بە جێ کردنی بڕگەکانی قانوونی ئەساسی، لەپێوەند بە نەتەوە و کەمایەتیە دینیەکان لەئێراندا مەبەستیە بگاتە سەرۆك کۆماری رژیم و لە لایێکی دیکەوە تەنووری شانۆی هەڵبژاردن گەرم دابێنێ. ئاخوند کەروبی، لەفریوکارییەکی نوێدا، شەش خاڵی بەرنامەی کاری خۆی بڵاوکردۆتەوە کە ئەو خاڵانە زۆر لە لایەن ئاخوندانەوە باس کراون. دیارە ئەمجارەش کەروبی کەڵکیان لێ وەردەگرێتەوە. یەکێك لەمەبەستەکانی کەروبی لەو فریوکاریانە راکێشانی دەنگی نەتەوەی کورد لەکوردستانی ئێرانە و لەچەند بۆنەدا قسەی لەسەر مەزڵوومیەتی گەلی کورد کردووە. بێگومان ئاخوند کەروبی بۆ خۆی هیچ نییە تا بتوانێ کارێك بۆ گەلی کورد بکا، خۆئەگەر پلەیێکی دەوڵەتی بەدەستەوە بێ. بێگومان جیاوازی لەمۆرەکانی دیکەی رژیم نابێ.


بۆ لاپەڕەی ٢


## ڕاپۆرتی نوێی ئەرتەشی ئیسرائیل سەبارەت بە بەرنامەی ناوکەیی رژیمی ئێران




ژنراڵ عاموس یادلین، سەرۆکی رێکخراوی زانیاری نیزامی ئەرەتەشی ئیسرائیل، لە ڕاپۆرتێکی نوێدا لە کنست (پارلمانی ئیسرائیل) لە هەوڵی بە پەلەی رژیمی ئێران بۆ وەدەست هێنانی چەکی ناوکەیی، قسەی کرد و ئەگەری رووداوی شەڕێکی بەرنامە بۆ دارێژراو لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٩دا زۆر بە کەم دانا. ژنراڵ یادلین رۆژی سێ شەممە ٢٢ی بانەمەڕی ١٣٨٨، بە ئامادە بوون لە کۆبوونەوەی کومسیونی کار و باری دەرەوە و ئاسایشی پارلمان گووتی: بەرنامەی ناوکەیی رژیمی ئێران بە بێ هیچ کۆسپێك، بە پەلە لە ئامانجەکانی نزیك دەبێتەوە و ئێستا بە جێگەیێك گەیشتووە کە بە تەواوی لە چەك و چۆڵی ناوکەیی نزیك بۆتەوە، و لە ساڵی ٢٠١٠ دا دەتوانێ بەرنامەی ناوکەیی خۆی بە تەواوی بەرەو پێش بەرێ.

بە پێی گووتەی ژنراڵ یادلین یەك ساڵ و نیوی داهاتوو بۆ هەوڵەکانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ هەوسار کردنی بەرزە فڕیەکانی رژیمی ئێران چارەنووس سازە.

ناوبراو هەروەها ووتی: هەر چەند بۆ ساڵی ٢٠٠٩ مەترسی رووداوی شەڕ هەبێ بەڵام لە ساڵی ٢٠١٠ دا هەل و مەرجێکی وا سەخت دەێتە پێش کە هیچ یەك لە لایەنەکان حەزیان لێی نیە.

## سەردانی ئاخوند خامنەیی بۆ چەند شاری کوردستان



بە پێی هەواڵ، لە سەردانی ئاخوند خامنەیی بۆ ئوستانی کوردستان و شاری سنە هەل و مەرجی شەڕی بە خۆوە گرت و لە شاردا حکومەت نیزامیی رانەگەیێندراو پەیرەو کرا.

دابەستنی دژە هەوایی لە بەرزاییەکانی دەورووبەر و گواستنەوەی هێزە تەکاوەریەکانی ئەرتەش و سوپای پاسداران و هاتووچۆی ماشینە قورسە نیزامیەکان کە تۆپ و دژە هەوایی دەگوازنەوە، حاڵەتی شەڕی دا بە سنە. لە چەند رۆژی رابردوودا هێزێکی زۆر لە ئوستانەکانی کرماشان، ئازەربایجانی رۆژئاوا و رۆژهەلات، هەمەدان و زەنجان نێردرانە سنە و خەڵك رۆژانە شاهیدی هاتنی سەدان ئوتوبووس سەرباز و پاسدار بوون کە لە پادگانەکاندا جێگیر دەکران. هەموو ناوەند و رێکخراوە حکومەتیەکان و هێندێ مەدرەسە داخران و درانە دەست هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم. پارکی ئاویەر کە لە سەیرانگا گرینگەکانی شارە بە تەواوی هەل و مەرجی نیزامی بەخۆوە گرت و رێگە بە چوونی خەڵکی غەیرە نیزامی قەدەغە کرا.

هەروەها ئاخوند خامنەیی سەردانی شاری مەریوان و بیجار و سەقزی کرد کە لەشاری مەریوان و سەقز بە زۆر خوێندکاران و خەڵك هێندرابوون بۆ پێشوازی و تەنانەت چەند رۆژ بوو بەکرێگیراوان هەوڵیان دەدا لەشارەکانی دیکەوە بە زۆر خەڵك بنێرنە ئەو شارانە.

## نیگەرانی ڕاپۆرتدەرانی بێ سنوور لە زیاد بوونی گرتنەکان لە ئێران




رێکخراوی ڕاپۆرتدەرانی بێ سنوور بە دەرکردنی راگەیێندراوێك، نیگەرانی خۆی لە زیاد بوونی گرتنی وێبلاگ نووس و رۆژنامەوانانی ئێرانی، دەربڕی.

لە راگەیێندراوی ئەو رێکخراوەدا هاتووە: بە گرتنی مەسعودی لوقمان و سەجادی خاکساری لە ١٥ رۆژی رابردوودا ژمارەی رۆژنامەوان و وێبلاگ نووسەکان بوو بە ١٥ کەس.

ئەو راگەیێندراوە هەروەها دەسەڵاتدارانی رژیمی ئێرانی بە پێشێلکەری ئازادی و مافی رۆژنامەوانی تاوانبار کردوە. ئەو رێکخراوە هەروەها قەدەغە کردنی سەفەری دەرەوەی وەڵات لە نێرگس محەممەدی و سورەیا عەزیزپوور دوو ئەندامی ناوەندی پارێزەرانی مافی مرۆڤی لەلایەن بەرپرسانی رژیمی ئاخوندیی مەحکوم کردوە.

## فرۆشی مەرگ هێنەرترین مەوادی میکرۆبی بە رژیمی ئێران

رۆژنامەی واشینگتۆن تایز لە فرۆشتنی مادەی سەمی "بوتولینیوم" بە رژیمی ئێران لەلایەن شیرکەتێکی فەرانسەییەوە هەواڵی دا. بوتولینیوم یەکێك لە کوشندەترین مەوادێکە کە لە چەکە میکروبیەکاندا بە کار دەهێندرێ.

بە پێی ئەو ڕاپۆرتە، شیرکەتی فەرانسەیی ئیپسین سەمی بوتولینیومی خاوی بە زانستگای تاران و دامەزراوەی پاستور لە ئێران بە رووکەش بۆ لێکۆڵینەوەی پزیشکی فرۆشتووە.

هێندێ لە بەرپرسانی ئەمریکا گووتوویانە: چالاکی شیرکەتی فەرانسەیی لە ئێران بە مانای کۆمەگ بە بەرنامەی چەك و چۆڵی میکروبی رژیمی ئێرانە و سەبارەت بەو مەسەلە نیگەرانیان دەربڕیوە.




ئەو مادەیە یەکێك لە کوشندەترین بەشی بیولۆژیکی و یەکێك لە مادە خراپە میکروبیەکانە و کار کردن بەو مادە دەبێ بە پێی قانوون و رێ و شوێنی یوند دا بێ.

یەك گرەم لە مادەی بوتولینیوم دەتوانێ زیاتر لە یەك ملوێن کەس لە ناو ببات.


تا ستەمم لەسەرە رێی خەباتم لەبەرە